لە گرفتەکە لەوەدایە کاتێ بە وردی دەچیتە بنج و بناوان و گەوهەری بڕچوونی ئێم دەستە و تاقمەوە ،دەبینیت، ئەمان زیاتر لەوانی دیکە لە پەرەشی پاراستن و چەسپاندن و زامنکردنی دەوڵەتەکەی خەیان و بەرژەوەندی باڵەی نەتەوەکەیان و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوەکەیان دان. لەم ڕووەوە هەرچیەک بە تە بخوازن، بە ئامانجی خزمەتکردنی پرسی نەتەوایەتی و دەوڵەتە زەبەکەی خەیانە.
بەواتایەکی دی ئێم بڕچوونە بەرهەمی قۆناعێتکی چەسپاو و ئەزموونکی دەوڵەمەند و باوەڕکی بەرزی مافی گەلان و ڕێزگرتن لە ویست و خواستی ئەوانی تر نییە. ئاخر وەک مێژوو سەلماندوویەتی، ئەوان ! هەندێ سوورن لەسەر دژایەتی بوونی کورد و ژیان و مافە سروشتییەکانی، تەنانەت مافی ژیانی ئاسایشی بە ناسەلمێنن و بە شایستەی چ هەقێکی نازانن. لە هەرواڵگەیەکەوە بڕوانێ پرسەکەی تێ، وا خەیان و هەموو ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە دوور و نزیکەکانیان هەر لەبیرە.
کاتێکیش بە کورد لەگەڵ خواست و دامەزراندنی دەوڵەتدان، دەوڵەتی

ناوبراویان وەک ئامازەک گرنگ بۆ پتەوکردن و مەحکەمکردنی پێگەی نەتەوەیەتی خۆیان لەو ململانێ و شەڕە ستراتیژی و پرسی ئاسایشی نەتەوەییدا ، کە بەدرێژایی مێژوو هەیان بووە و دەیان بێت. هەوڵی ئەوەیە کیانەکان دەستکردن، نەک بەرهەمی خەباتی میللی و جەماوەری ، بۆیەکا هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و ترس و نیگەرانیدان .
ئاخر لە ناوچەکەدا ململانێ و شەڕی باڵا دەستی ئەوانە، بۆشکێ لە مێژووی تەمارکراوی ئاستەقینەی ناکۆکییەکانی نەوانیان. ئەوان تا ئێستا ترس لە کۆشەی کورد و رەهەندە نەتەوەییەکانی ، وا بەسەریاندا شکاوەتەوە بە تاکتیک لەگەڵ یەکتردا بوونەتە هاوپەیمان و لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتنامەیان مۆر کردووە.ڕێکەوتننامەی جەزائیر بە نموونە.
جێی سەرنجە هەردوو لا کەکن لەسەر خاڵێک ، کە ئاسایش و بەرژەوەندی خۆیانی تەنها دەبینن‌وە. هاوباوەڕکانی عەلەوی، لە دیدی عروبیانەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان، بە ستراتیژێکی باش و گرنگ دەبینن کە وەک قەڵغان بۆ پاراستنی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی عارەبایەتی، لە هەرش و چاوتێبڕینی فارس و تورک بپارێزێ..بە هەمان پێودانگ و تێڕوانین، ئاغای زێباکەلام، دەڵێ: لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیداین لە باشوور، بە نێت و ئاواتی پاراستنی دەوڵەتی ئێران لە هەڕەشە و مەترسییەکانی عەرەب و تورک.
هەردوو دەستەکەش بەس باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردی لەو بەشەی باشووردا هەیە، کە بێتە دیوار و کەسپێ لەبەردەم خۆن و ئاواتی نەتەوەیی خۆیان دا. دەنا زێباکەلام کورد بە فارسی ڕەسەن لەقەڵەم دەدا و تەنانەت مافی خودموختاریشیان لە ڕۆژهەڵاتدا بە ناسڵمێنێ. ئەو پەی وایە کورد وەک ئێرانییەک ئەرکێ لەسەری شانی داکەکی بکات لە ئێران و بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بداتەوە، کە لە دەرەوە ڕووتە دەکەن.
شایانی ئاماژە پێدانە، گەورە زانای تورکی دەستی کورد «ئیسماعیل بەشکچی» ، وەک تاکە دەنگی تاقانە و ناوازە، لەم دیدەوە بە دوور دەگرین، چونکە ئەو و باوەڕ و تێزەکانی و سزاچەشتنی زۆر و بەردەوامی تەکەشان و بەرگریی کردن لە پێناوی کورد دا ، بواری چ دەمەتەقێیەکی لەسەر دەسزیی و باوەڕی پتەوی نەلەقیوی زانستیانە و مرۆڤدۆستانەی بە کەس نەهشتەتەوە. لەتەک ئەوەشدا، بە دووری نابینم هەشتا لە نەو تورکدا کەسانی تریان هەبن، وا بیر بکەنەوە وەک ئەوانەی لەسەرە ئاماژەمان پێ دا.
کەواتە دەرئەنجام ئەوەوون و ئاشکرا دەبێت، تا 50% بەرەو ژوورتری تورک و فارس و عەرەب نەبنە بەشکچی ئاسایەکی زانست پەروەر و

واقیعبین و مرۆڤدۆست و خاوەن هەڵوەست ، وا خەتەرەدانە هەر چاوەڕێی داری زەبکەیت بەرت بە بگرێ و بەڵێت تورک و عەرەب و فارس تەواوانینی واقیعی و مرۆڤدۆستییانەیان بە پرسی کورد هەیە و ئیمە نا سبەی بەشێوەیەکی دیموکراسی دەتوانرێ چارەسەری کێشی کورد بکرێ!. ئاخر بنەمای سەرەکی دیموکراسی بە پێوەری زەرینە و کەمینە دەپێورە… کورد لە هەموو بەشە ناشروشتییەکانی تە ترەنجدراوە، کەمینەیە و هیچ کات تاکە بەیارەک بە دەنگ دان و دیموکراسی ناباتەوە.
ئەوەی لێرە گرنگ و هەستیارە ئاماژەی پێ بدەین، جێی داخە کەوا هەشتا سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد هەن، چەند گالیسکەیەک لە یەک ئەسپ دەبەستن!؟…خەباتی نەتەوایەتی کورد، وەک کێشەی نەتەوە و خاکەکی داگیر و دابەشکراو دەکەنە قوربانی دید و بۆچوونەکی ئاینزاییی یاخود ئایدۆلۆژی و مل بە خودی دەفاکتۆکە نادەن..
ئەوە واقیعی تاڵی کوردە بەدەست داگیرکەرەکانییەوە. دەکرێ بەبێن کەم وەنەو بە هاوتایە، لە سەختی و تراژیدیایی دا. کەواتە، دەستبژێر و سیاسی کورد، پێویستە کار بە بەرهەم هێنانی گوتار و میکانیزمەکی تری خەبات و بەرەنگاری بکەن.، نەک خە وابەستە و دیلی دەقی کتێب و تیۆرییە نامۆکان بکەن.
بەداخەوە زەرینەی ئەم دوو بەرە ڕۆشنبیر و سیاسییەی کورد،جە پەنجەیان لەبەرهەمهێنان و داهێنانی کێشک و تۆلاری هزر و ڕۆشنبیریی کوردیدا نییە، بەڵکو هەر خەریکی گواستنەوەی هێز و جوینەوەی وتراوە سواوەکان و گرتنەبەری ئەزموونە شکست خواردووەکان و لاسایکردنەوە
پە لەناجاریی و دڵداویی نامۆکان دەکەن. بەم هەیشێوە، کورد بە تەکەا ، لەو مەژووە جێنجاە و پە لە کۆرەوەرییەی خەیدا، وزە و سەرمایە و حەزو ئاوات و توانا و لەوشاوییەکی گەورە و بە شومار و گرنگی بە فیڕۆ چووە.
لە ئێستاشدا، چاوپێکەوتنی بیرمەندێکی شیعەی لوبنانیم خوێندەوە« ئەنیس نەقاش» گوایە لە کتێبێکیدا بەناوی « الکونفیدرالیە المشرقیە» دەرەتانێکی باشی بە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی وەک دەزی کوردی خستەتە بەرچاو.خواستی« دامەزراندنی کنفیدراڵیەکی ڕژهەڵاتییە لەسەر ململانێ بە سیاسەت نەک بە ناسنامە»…واتە کوردێکی شیعە لەگەڵ فارسێکی شیعە و عەرەبدا یەکگرن و دژ بە کوردێکی سوننە و فارس و عەرەب بن… چونکە ناوبراو پێی وایە، « دابەشکردنی جوگرافیا لەسەر بنەمای ئەتنیکی و مەزهەبی و ئاینی سەرەتای شەڕە نەوەک کۆتایی» … هاوکات ناوبراو پێی وایە:« کێشکان ئەوکاتە دەست پێدەکەن کە داوای دروستکردنی نەخشەی نوە

بکەین لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی». واتە لە ئێستاوە کورد بۆی نییە داوای دەوڵەتی خۆی بکات . کاتێکیش دەسەڵاتی کورد ، وەک فارس و تورک و عەرەب نەبێت، شوێن و پێگەیشی لەوان لاوازترە. ئەم بۆچوونە دەیسەلمێنێ کە ئەو ناتوانێ لە خەیاڵی باڵا دەستی عەرەب و هەژموونی شیعەگەرایی دەرچێ و هەمیشە خۆی وەک عەرەب پێویستە باڵا دەست بێت و هاوشان پێشوەخت مسۆگەر بێت ، کە براوەی مەدانێ و هەروەها هەنگاو وەک شیعەش بەهەمان شێواز بیر کاتەوە. ئاخر ئەو فەزڵی عەرەبوون و موسوڵمان بوون بۆی سەلماندووە و پسووڵەکەی داوەتێ. ناوبراو پێی وایە :«دەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر نەژادی و دین بەرەو ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە». کەچی سەرسەختانە داکۆکی لە ئێران ودەوڵەتە دەستکردەکانی دیکەی عەرەبی دەکات. دەڵێ: »ناوی کوردستان لە ئێران هەیەتی، ئەوە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا دەبێ… لە ئێران کورد وەک هەر عەرەب و تورکمان و فارسێک، چونکە ئێران لە شەش ئەتنیک پێکهاتووە و یاسا جیاوازییان لە نێواندا ناکات. ئەوە وەکو کۆنفیدراڵیێکی ئەتنیکانەیە لە ئیمپراتۆرییەکی فارسیی بچووکدا«. کەواتە تە هەرچی بەدەست بهێنی هەر لەژێر کەف و هەژموونی ئەواندا دەرناچیت و ئەرن ئەو نموونە باڵا و سەرمشقەیە، مافی خەیاڵی باڵادەست و ئیمپراتۆر بێت و تۆش لە پەراوێزدا ژیان بگوزەرێنی.

ئەم بیرمەندە دەڵێ« لەم کۆنفیدراڵیێدا شوێنێک بۆ زایۆنیزم نییە، بەڵام فەلەستین دەبێتە بەشێک لەوە». ئەم ڕاگەیاندنە کتومت ناوەڕۆک و گەوهەری ناڕوون و ناواقیعی و عروبەچێتی و مەزهەبگەرایی بەدیار دەخات.ئاخر ناوبراو هەم مافی ژیان بە ئەوان/ جولەکە ناسەلمێنێ و هەمیش لە خەیاڵی گرد و مەکردنی وزە و توانا مرۆیی و ئابووری و سیاسییەکانی گەلانی ناوچەکەدایە، بە یەکخستنیان لە بەرە و سەنگەرێک دا، لەبەرامبەر جولەکە یاخود ئەوەی ئەو بەردەوام بە زایۆنیزم ناوی دەبات. کەواتە کورد و گەلانی دیکە دەبێت وەک عەرەب شەهیدی جیهادی و فەتوای لەناوبردنی ئیسرائیل ڕابگەیێنن. ئەمەش کتومت پاشکەیی و چوونە پەراوێزی شەڕ و ململانێیەکەوە نیشان دەدات، کە لە سوودی کورد و خودی ناوچەکەشدا نییە. بە کورتی و کرمانجی ئەرکی سەرەکی کورد دژایەتی داگیرکەران و سەربەخۆیی بەدەستهێنانە.

کاتێک دەڵێ: فەلەستین دەبێتە بەشکی ئەو کۆنفیدراڵیێ، واتە دەوڵەتی فەلەستین … ئەو نایەوێ کۆنفیدراڵی لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا دروست بێت، بەڵکو دەیەوێ عەرەب بە 24دەوڵەتەوە و فارس بە ئیمپراتۆرییەتکەیەوە ببنە بەشک لەو جوگرافیا سیاسییە و شەی زایۆنیزم درێژە پێ بدەن. کەواتە ئەوە دەزانین ، ئەو نایەوێ کوردی بەیەکگرتوویی و وەک یەک دەوڵەتی سەربەخۆ بێتە ناو هاوکێشەوە،

بەکو وەک بەشێ بندەستەکانی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی. هەر لەم ڕوانگەیشەوەیە هەر هەوڵ و ئاماژەیەکی خەبات و ویست و داوای کورد، بە دەوڵەتی کوردی بێت، لەدەرەوەی ویست و کۆنترۆڵی ئەوانەوە بێت، یەکەواست بە کاری ئیمپریالیزمی دژانن و بە ئیسرائیلی دووەم ناوزەدی دەکەن.
ئەنیس نەقاش لە دوا پەرەگرافی قسەکانیدا دەڵێ: »کەنفیدەالیزمی ڕۆژهەڵات، کەشێی کورد چارەسەر دەکات.« ناسنامەی مەشریقی دەبێت» ئەمەش جۆهەری گەلانی دیموکراتیکە کە تیرییەکەی سەرەک ئەجەلان داوای دەکات«.
وەک دەبینین ناوبراو، جەخت لەسەر تیرییەکەی ئەجەلان دەکاتەوە. مەخابن سانانکە لە تیرییەکەی ئەجەلانیش دا تارمایی پاشکشێیەکی گەورە لە دەزی نەتەوەیی دا بەرچاو دەکەوێت و جێگە و پێگە و ناونیشانی « دەوڵەتی نەتەوەیی » نییە.کەواتە هەردوو لا هاوبەشن لەم پرسە گەوهەرییەدا و بە خەیاییش نییە نقاش بە ڕامکردنی کورد هانای بە تەزەکانی ئەجەلان بردووە.
لەرەدا لای ئەوان/ بە ئەوان گرنگ و داواکراو ئەوەیە، کورد بانگاشە و داخوازی «ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانەکی سەربەخۆ و بوونە دەوڵەت» تی نەبێت و بزری کات. ئەمەش ئەو دەرئەنجامەیە کە گوتاری ئایینی و ئایدەلۆژیای ئینتەرناسیونالیست و ئەندێشەی کۆسمۆپۆلێتی و خەون و خەیاڵی یەتەبیایی، سەرمەستەکانی دوور لە واقیع و دەروون نەخۆش و خاوەن گرێی خەبەکەمزانەکانی بەرێیەکی فراوانی کوردی پێی گرفتار بوون.
بە دیوەکەی تریش دا ئەو دیمەنە قەزەون و بێزارکەر و ئومێدکوژە نمایش دەکات، کە دەستەبژێری گەلانی سەردەست، چ جیاوازییەکی بنجیییان لەتەک خەڵکی هێشک و سیاسی و سەربازی وەاتەکەی خەیاندا نییە. بەداخەوە زۆری ماوە لەنەو شەرش و ئاپۆینەکانی کورد دا، ژمارە و ڕێژەیەکی بەرچاو لە هێزەی گەلانی سەردەست ببین، هاوشانی کورد بە مافی نەتەوەیی و ژیان و دیموکراسی کورد تە بکەشن، وەک ئەوەی کاتی خەی ڕەشنبیرە فەرەنسییەکان بە سەربەخەیی جەزایر دژ بە وەاتەکەی خەیان کردیان.
کەواتە گەر واقیعبین بین و دروست ریال پۆلەتیک بخوێنینەوە، ئەوەمان بە دەسڵەمە، دەمەکە
ئەو خەونە بەتاڵ بەتەوە، ئەوان! ببنە بەشێک لەو تەکۆشرانەی بە ئامانجەکانی تە تە بکەشن. گەر هەشبن ! ئەوا هێڕیان لە پەراوێزدان.
شایانی گوتنە، لەم وانە مێژوویەوە، باشتر حاڵی بوون، کە پێویستە ستراتیژ و ئامانجی ـ بەدەوڵەتبوون ـ ی خەمان هەوون و ئاشکرا بکەین

و لە هوانگەی خەمانەوە لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسیەوە ، بەرامبەر بە خەمان و ئەوان! ئەم هەقیقەتە مێژووییە بیکەینە دەفاکتۆیەکی نەگۆڕی چەسپاو ، نەک بەدیار داری زە و خەونی نەزەکی ئەوانەوە دەش دابمەنین.

•

• هەڵە بەرزنجەیی 1.3.2020

خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بە نەورۆز و مێژوی نەورۆز … دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

نەورۆز کۆنترین و گەورەترین و گرنگترین جەژنی هەموو مرۆڤایەتیەو ئەو جەژنە شەهەرلەسەرەتاوە لە کوردستان سەری هەڵداوەو هەر لە کوردستانیشەوە بە دنیا دا بڵاو بووەتەوە،ئێستا بە تەواوی ساغ بووەتەوە کە جەژنی نەورۆز هەمان جەژنی زیندوو بوونەوەی (دەمموزی-خوداوەندی سەمەریکان-تەموز) ە کە لەداستانی هەرکەنی سەمەریدا، بە پێی باوەی ئایینی سەمەریکان ، دەمموزی پاش ئەوەی شەش مانگ وەک سزادانێک دەچێتە (جیهانی ژێرەوەو- بن دنیایە) لە هەژی نەورەدا کەدەکاتە هەژی یەکەمی مانگی یەکەمی ساڵی نوێی سەمەری ، دەمموزی زیندوو دەبێتەوە.ئەو زیندوو بوونەوەیە هەهە ندەکی ئایینی ئەفسانەیی سروشتی فۆلکی هەیە، چەن لەم هەژدا شەوو هەژ بەرابەردەبن و ساڵ نوێ دەبێتەوە هەر بۆیە ئەو هەژە کراوە بە هەژی یەکەمی ساڵی نوێ و کۆنتری ساڵنامەی مێژووییش لەوەوە دەست پێدەکات.کە بەڵای ئەمە ئەم ساڵ و ساڵنامەیەو زیندوو بوونەوەی دەمموزی بە دوازدە تا پازدە هەزارساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە ، کە هاوزەمانە لەگەڵ (کشتوکاڵی ئەشکەوت) لەدەورو بەری (ئەشکەوتی شانەدەر)و لەگەڵ سەرهەڵدانی (یەکەمین گوندی کشتوکاڵی-گوندی زەقیاچەمە) کە دیسان بەڵای ئەمە زەمانەکەی تا پازدە هەزارساڵ پێش زایین دەڕوا. کە ئەو سەرەتا کستوکالیەی ئەشکەوت و گوند دروستکردنە سەرەتای قۆناخێکی گرنگی شارستانیەتەو

لەوەو مرۆڤایەتی پێ دەنێتە قۆناخێکی تری ژیان ، کە زۆر جیایە لەگەل (شارستانییەتی ئێشکەوت) ١هەر ئەو گرانکاری و پێشکەوتنەش لە ناوچەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی (شاری حەسەن کیف) تەمەن دوازدە هەزار ساڵێی و (پەرستگای گرۆ ناڤوکە)و (شاری ژیر زەمینی دەرینکەیە) هەشت چین بە ژێر یەکەوەی کوردستان کە ئێم دووەش تەمەنیان بە دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە ئێم دووشارو پەرستگا مەزنە هەرسێکیان کاری شاخکەلین وزەمین کەلین و بەردتراشینە کە دەتوانین بە سەردەمی(شارستانیەتی بەرد تراشین)٢ ناوی ببەین!ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین ئەوا گرۆ ناڤوکە پەرستگایەی زۆر گەورەیەو بازنەیە، هەروەها لە نەو شاری ژێرزەمینی دەرینکەیەش پەرستگا هەیە کە ئەمە لە لەکەلینەوەی (دەرینکەیە لەنەوان جیهانی ژێرەوەی داستانی دەمموزی و بەهەشتی ژێر زەمینی دەرینکەیەی جەمشید) دائەوەمان سەلماندووە کە شاری ژێر زەمینی دەرینکەیەی کوردستانی باکوور هەمان جیهانی ژێرەوەی داستانی (عەشتارو دەمموزی) یە، کە لەویدا هەموو ئەوانەی دەچنە خوارەوە وەک سزایەک حەوت دەرگا دەبەن، کە لە دیرینکەیە لە حەوت دەرگا زیاتر هەیە ، ئەمەش پەمان دەدا ؛ شاری دیرینکەیە هەمان جیهانی ژێرەوەی داستانە سەمەریکەیە، کە دیسان دەکرێ هەمان (بە هەشتی ژیرزەمینی جەمشید – وەر) ئەویش بێت .ئەمەش ڕێگای ئەوەمان بە خێش دەکات کە بڵێین: ئەو پەرستگایانە شوێن و جوگرافیای ڕووسەمی چوونە خوارەوەی دەمموزی و ڕۆژی زیندوو بوونەوەی بن !
ئەمە هەموی جارێکی تر دەری دەخات کە(جەژنی نەورۆز) هەمان ڕۆژی زیندوو بوونەوەی دەمموزییەکە بە (جەژنی زەگموک)ناسراوە.دەمموزیش داستانێکی هەیە ڕەگەن و گرنگی سەمەریکانە ، سەمەریکانیش بە ئای زەربەی شارزایان و میژووناسانی کوردستان و ڕۆژهەڵات ئەوانەن کە لە کوردستانەوە چوونەتە خوارەوەو لەوە قۆناخێکی تری شارستانیەتیان دەستپێکردووە، کە چوونە تە خوارەوە کوردستانیان چێ نەکردووەو پەیوەندیان لەگەڵ دا نە بڕاوە، بە بڕگەش ئێستا بەردەوام شوێنەواری سەمەریکان لە کوردستان – هەموو کوردستان – دەدەزریتەوە ، شوێنەواری پێش چوونە خوارەوەیان و دوای چوونە خوارەوەشیان. هەڕ بۆیە هەندێک لە میژووناسانی ناوچەکە سەمەریکان بە باپیرانی کورد دەزانن و هەشن دەڵێن: سەمەریکان ئەوانەن کە لە ئێشکەوتی شانەدەر هاتوونەتە دەرەوە.
ئەمانە هەموی ئەوە دەسەلمێن کە نەورۆز جەژنی زەگمەکی سەمەریەو لە ڕۆژی زیندوو بوونەوەی دەمموزی ئەو جەژنە پیرۆزکراوەو بەردەوام پیرۆز دەکرێ ئەو جەژنەش لە کوردستان سەری هەڵداوەوهەڕ لە

کوردستانیش بە دنیادا بڵاو بووەتەوە، چونکە شارستانیەت و کلتوری سەمەریکان کاریگەری بەسەر هه موو ئەو میللەت و وڵاتانەی دەورو بەرەوجیهانەوە هه بووە، هه ر بۆیە(گوتی و میتانی وئیلامی و حثی و میدی و کاردۆخیەکان و...هه موو ئەو هەزو میللەتانەی لە مێژوودا دەنگوباسەکانی مێژووی پیگەیشتنی کورد) ئەم جێژنیان کردووەوجگە لەوانە نەورۆز هه ر زوو پێش زاین و سەردەمی سەمەرەو ئەکەدو بابلی و ئاشوریش نەوزیان کردووەو ئەوەتە مێژوو باسی (نەورۆزی بابلی) مان بە دەکات و لەسەردەمی ئاشوریش بە ئەکیتە ناوبراوە ، ئەمەش ئاسایی بووە ئەم جێژنە جیهانیە گەیشتووەتە هه روەاتەک و نەو هه ر میللەتەک ئەوا ئەوانیش لە گەڵ کلتوری خۆیان گونجاندوویانە ، بە تام ..هه رگیز نەیانتوانیوە میژووەکەی بگۆڕن . ئەوەتە ئێستا لەم هەموو وڵاتانەدا نەورۆز ساڵانە یاد دەکرێتەوە هه موشە لە هه مان ڕۆژ ، بە نموونە وڵاتانی میسرو هیندو چین و ئەفغان و تاجیکستان و ئازربایجان و ترکمنستان و قەرەغیزستان و ترکیاو زۆری تر..! زۆربەشیان نەورۆز بە هی خۆیان دەزانن؛ بەڵام ؛ هیچیان هەندەی کورد بەگەی میژوویی و جوگرافی و مرۆیی و زەمەنییان نیە بە سەماندنی خاوەنداریەتیەکە!

نەورۆزی جیهان

ئەم مێژووەی نەورۆز ئەوە دەسەلمێنە کە نەورۆز هه ر لەسەرەتاوە هەهه ندەکی جیهانی وەر گرتووە و چووتە نیو پەیمان و هەکەکوتنە گەورەکان ، لەسالی (۲۳۰زاینی) ئەردەشێری بابکان پاشای دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە شەکدا پاشای یەنانی دەشکێنە ولە پەیماننامەیەک دا چەند خاڵکی بەسەرئەو پاشایەدا دەچەسپێنە ، یەکە لە خاڵکان ئەوە بووە کە لە وڵاتەکەی خۆی نەورۆز وەک جێژنەکی وڵات پیرۆز بکات . بە هەی ئەو کەنی و زۆری بڵاو بوونەوەی نەورۆز بە نەو وڵاتاندا تەکە بە میژووی زۆر وڵات و نەتەوان بووەو بە زۆر شەوە هوودای ئەفسانەیی و مێژوویی و ئاینی دراوەتە پاڵ و لە هه ر وڵات و لە نەو هه ر نەتەوەیەک میژوەکی بە خۆی پەیدا کردووە ، کە بەم هەیەوە هه موان نەورۆز بە هی خۆیان دەزانن، بەڵام؛ کەنتری و سەرەتایی ترین مێژوو بە نەورۆز مێژووی سەر هه ڵدانیەتی لە کوردستان ، مێژووەک کە هیچ مێژوو نووسەک ناتوانی ڕەتی بکاتەوە ، هه ر بەم هەیشە کە نەورۆز لە نیو کورد دا ڕەهه ندی کلتوری و ئایینی و سروشتی و نەتەویی وەرگرتووەو تەکە خوێنی خۆبات بووە ، ئەوە هه رکوردە لە پێناو نەورۆز خوێنی رژاەو قوربانی بە داوە ، دیسان ئەوە هه رکوردە مانگی یەکەمی ساڵی خۆی بە ناوی جێژنی نەورۆزکردووە .

نەتەوە یەکگرتووەکان و بە جیهانی بوونی نەورۆز
نەتەوە یەکگرتووەکانساڵی ٢٠١٠ لەسەرداوای چەند دەوڵەتکی وەک ئیران و ترکیاو پاکستان و ئەفغانستان و چەندانی تر..کەمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جۆژنی نەورۆزیان بە فەرمی کرد بە جۆژنکی جیهانی و وەک کلتوری ئاشتی ناساندیان ،تا ئەڕۆ کارکی جوان و پیرۆز بوو، بەڵام؛ بەداخەوە نەتەو یەکگرتووەکان کەوتە هەیکی گەورەوە، کە لە ڕووی میژوویەوە بە جۆژنکی ئیرانیان ناوبردوو تەمەنکەیان بە سەد هەزار ساڵ خەملاند! لە کاتکدا ئەمە غەدرکی گەورەیە لە کەنترین جۆژنی هەموو مرۆڤایەتی دەکرێ کە زیاتر لە دوازدە هەزار ساڵ بە بەردەوامی ئەو جۆژنە لە کوردستان و تەواوی میزۆبۆتامیاو بگرێ هەموو جیهان پیرۆزکراوە !
من لە لەکەینەویەکدا بە ناو نیشانی (پیشەی مژووویی نەورۆز لە سایت و مالپەڕە ئیرانیەکان) بە شێوەیکی زانستی مژووویی سەلماندووم کە ئەو جۆژنە لە سەمەرەوە دەت و بە ئەم کارەش ەای زۆربەی شارزاو مژوو نووسانی ئیرانیم هەناوەتەوە ، کە هەموویان پێ لەسەر ئەوە دادگرن کە نەورۆز لە سەمەرەوە دەت و جۆژنکی نەوان دوو ڕووبارانەو تەمەنی زۆر لە سێ هەزار ساڵ پترە! لەوەش کە هەندک میژوو نووس نەورۆز بە جەمشید پاشای کەیانی دەبەستنەوە ، کە دەڵێن : جەمشید بەسواری دووچەرخەی زیرینکەی کە دەو بە ئاسماند بەرەو بابلیان دەبرد، بەتیشکی ڕۆژی دوو چەرخەکە بریسکایەوەوخەکەکە بەو ڕۆژیان گوت: (ڕۆژی نوێ – نەورۆز) هەر ئەو مژوو نووسانە خەشیان ئەوە دەڵێن و دەنووسن : ئەگەرچی نەورۆز زۆر پێش ئەوەڕۆژش پیرۆزکراوە . ئەوە جگە لەوەی کە هاتنی جەمشید بە بابیل زەمەنکەی دەهەنتەوە هەزارەی دووەمی پێش زایین ، کە ئەو زەمەنە زۆر درەنگە بە دروستبوونی نەورۆز، نەورۆزی سەری ساڵی سەمەری و داستانی دەمموزی . لەوە شدا دەتوانین ەای زۆر لە مژوو نووسێ ئیرانیەکان بەنینەوە کە بە پەداگریەوە نەورۆز بە نەورۆزی دوو ڕووباران و سەمەر دەزانن، جگە لەوەی کە زۆر لەکەڕو پسپۆری ترک و عەرەب و ڕۆژ ئاوایی ..نەورۆز بە جۆژنکی کوردستانی و کورد دەزانن و لە لەکەینەوەکانیان باسیان کردووە.
ناوی نەورۆز
وەک دەرکەوت نەورۆز لە زەگمەکی سەمەریەوە هاتووە، ماناکەشی هەر ڕۆژی نوێ و ساڵی نوێ دەکات، هەر بۆیە ئەو ناوە لەگەڵ زمان و سەردەمەکان شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بۆنام؛ لە مانای سەرەکی خەی دوور نەکەوتووەتەوە، لە ڕووداوەکی مژووویی میدیەکان لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە ناوچەی ڕۆواندز پاشایکی میدیەکان بە سەر دوژمنە کەی دا سەر دەکەوێ ونە ڕۆژ دەمینە بە جۆژنی نەورۆز ،

چەن ئەو سەردەمە هە موو سەركەوتنەكان دەخرانە ڕۆژی نەورەزو لە نەورەزا ڕادەگەیەندران ، پاشاكە ئەو نەڕۆژەی كرد بەجەژن تا ڕۆژی نەورەزو خەڵكەكە بەردەوام ئاهە نگیان دەگەڕا، هە ر بۆیە پاشتر بە نەورەز دەگوترا (جەژنی نە ڕۆژ) هە روەها لەسەردەمی ساسانیەكان بە جەژنی نەورەزیان دەگوت (نوک ڕۆژ) دواتر بە هەی نووسین و لەكنەكردنەوەی (ز- ژ) لە نووسین دا بە هەی نە بوونی (ژ) دەنووسرا(نوک روز) ئەمە بەردەوام بوو، تا- نوک- یش بوو بە – نو- نەو – و دواجار لە سەر – نەورەز – جەگیر بوو، دیارە- نو- و- نوو- و- نەو- هە رسەكیان كوردین وئەمە بەردەوام بوو، بەڵام ؛ بە هەی نەبوونی – ە- و- ژ- و بەكار نە هێنانی بزوێنی (ە)ی كورت نەورۆژ لە جیاتی – نەوڕۆژ – نوروز- دەنووسرا.پاشتر كورد بە هەی چارە سەر كردنی دەنگەكانی وەک – ە- و – ژ – بەكار هێنانی بزوێنی كورت (نەورەز) ی نووسی و بەردەوام بوو، بەڵام ؛ – ز- ی نەكرد بە – ژ – نەورەزی بە نەورەز هەشتەوە، ئەگەر بوردی گوێ سوكی گوێ لە فارسەكان ڕابگرینو سەرنجی نووسینەكانیان بدەین ئەوا لە گەكردندا دەبێن: (نەورەز)و دەنووسن (نوروز) بەڵام، نەورەزەكەی ئەوان سوكترە لە – نەورەز – ی كورد.ئەوەش كە بڕوای زۆری بە ناوی (نەورەز)دا كتێبی گەورەو كۆنی فارسی (شاهنامە) بوو ، بە هەی گرنگی و زۆر خوێندنەوەی بەردوامی شاهنامە لە ناوچە كەداناوی نەورەزیش كەوتەسەرزاران و نەو شیعرو دیوانەكانەوە .

نەورەز كلتوری داگیركراو

لەكەڵەران بە بەگەوە سەلماندوویانە كە نەورەز جەژنەكی كوردستانی و كوردە، ئەستاش نەتەوە یەكگرتووەكان بە فەرمی وەک جەژنەكی ئیرانی ناساندوویەتی و تەمەنەكەی بە سەە هە زار ساڵ لە قەڵەم داوە ! بە ڕاستكردنەوەی ئەم هە ڵەیەی نەتەوە یەكگرتووەكان پێویستە(. پەرلەمان و حكومەتی هە رێم) لە گەڵ حكومەتی عیراق لەژنێرەكی پسپۆر لە مێژووی كۆن وسەمەرو نەورەزو یاساناس ودبلۆماسی پێكبێنن و بە فەرمی داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان بكەن هە ڵەكەی خۆی ڕاست بكاتەوە . بە ئەوەی نەورەز بە ناوی راستقینە مێژووییەكەی خۆی بناسرێ و بگەڕێتەوە وڵاتی ڕاستە قینەی خۆی .

نەورەزو چەند هە ڵەهە ندەكی تر

ئێستا كە نەورەز بە فەرمی لە لایەن نەتەوە یەكگرتووەكان كراوە بە جەژنەكی جیهانی و بەتەواوی ناسراوە ، پێویستە كورد وەک خاكەكی داگیركراو سێیری بكات و هە وڵی گەڕانەوەی بدات ، كە بە بروای ئەمە كارەكی ئەستەم نیەو دەكرێ هە وڵی بەردەوام بەرهە می ببێت. تا ئەو كارە بە فەرمی دەكرێ پێویستە حكومەتی كوردستان (نەوەندی نەورەز)٣* دابمەزرێنی و لەسەر زۆر ئاستەوە كاری لەسەر بكات و

بیکات بە پردی نەوان وەتان. بە تایبەت کە خاکی سەر هەدانی نەورۆز کوردستانەو دەکرێ چەقی ئەو نەوەندەش (ئەشکەوتی شانەدەر) بێت ،
نەوەندی نەورۆز پەویستەچی بکات؟
نەورۆز بەو هەندە مەژووییەو گرنگیەی کە هەیەتی شیاوی ئەوەیە لەژێر لاوە کاری بۆ بکرێن .
یەکەم: دامەزراندنی تەپی شانەیی نەورۆزو ئەو تەپە بەسود وەرگرتن لە کلتوری یادکردنەوەو مەژووکەی شانەگەری و دراماى چەند ئالقەیی پەشکەش بکات وئەم دراماو سانەگەریانە لەناوەوەدەرەو بەاوبکرێن و لەسەر تەختە شانەی وەتان پەشکەش بکرێن.
دووەم: سەنەمای تایبەت بە نەورۆز دابمەزرێ و بە فلمی جەراوجەر کار لە سەر کلتورو میژووی نەورۆزبکرێ و قەناخە جەراوجەرەکانی میژووی نەورۆز بەدنیا بناسرێندرێ ، هەر لەسەردەمی ئەشکەوت و گوندی تازەو تادەتە نەو شارو سەردەمی خەباتی نەتەویی و تادەگاتە ئەمڕۆ.
سێیەم : دامەزراندنی تیپی شایی و هەپەرکی و گۆرانی کوردی بەتایبەت پەیوەندی بە نەورۆزو ئەو تیپانە هەڵو هەسەمی زیندووکردنەوەو یادکردنەوەی کۆن و نوێی نەورۆز بژێننەوە،
چوارەم : دروستکردنی پەیوەندی هونەری و کلتوری لە نێوان هەموو ئەو وەتانەی کە لە کۆنەوە نەورۆز پیرۆزدەکەن ونەورۆزان ئەو تیپانە بۆنە کوردستان و میهرەجانی گوڕەو جەراوجەر بگێڕن .
پێنجەم: دامەزراندنی تەپی هونەرمەندانی شەوکارو فۆتۆگرافەر کە گرنگی بە بۆنەکانی نەورۆزو سروشتی کوردستان بدەن و وێنە جوان و تابلۆگرنگەکان بکرێن بە پەستەرو بەدنیادا بڵاوبکرێنەوە.
شەشەم ؛ دامەزراندنی دەستەی شاعیران و نووسەرانی نەورۆز کە بەرهەمی نەورۆزی ساڵانە کۆرو سمینار بگێڕن و بەرهەمەکانیان چاپ بکرێن و بڵاو بکرێنەوە .
حەوتەم: ساڵانە پێشبڕکێی نێوان گۆرانیبێژو شاعیرونووسەرو شەوکارو شانەکارو سینەماکارو تیپەکانی هەپەرکێ سازبکرێ و یەکەمکان بە (خەڵاتی نەورۆزی) ٤*خەڵات بکرێن .
هەشتەم: کردنەوەی ئوتێل و چێشتخانەو فرۆشگاو شانەو سینەما لەدەورو بەری ئەشکەوتی شانەدەرو پەشکەسکردنی خزمەتگوزاریکان وخۆشکردنی هەڵگاوبان لە هەموو کوردستانەوە تا شانەدەربە ئەوەی خەڵک لە هەموو وەتانەوە هووی تێبکەن.
نۆیەم : دامەزراندنی دەستەیەکی چالاکی میدیاکاری گەشت و گوزاری و شونەواری تا ڕادەی دامەزراندنی کانالێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە نیوەندی نەورۆزو بە بڵاوکردنەوەو ناساندنی چالاکیە کانی سەبارەت

بە نەورۆز.
دەیەم: ئەمانە هەموو دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلێکار بۆ چەندین هەزار گەنجیکچ و کوڕی کوردستان و گەڕەکی گەرمی ئابووری دروست دەبێت وکوردستان دەتوانێ بەم کارانە پەیوەندی جەراوجۆر لە گەڵ زۆربەی وڵاتان پەیدابکات و سودی زۆری سیاسی و دبلۆماسی و ئابووری لێببینێ.
یازدەهەم: دامەزراندنی تیپی جەراوجۆری وەرزشی نەورۆزو تێکەڵ بوون بە چالاکیە وەرزشیەکانی جیهان و بەناوی نەورۆزو بانگکردنی تیپەوەرزشیەکان لە وڵاتانی نەورۆزو دروستکردنی پێشبڕکێی نەورۆزی و خۆئامادەکردنی تیپە براوەکان بۆ (خۆئاماتی نەورۆز)و بۆ ئامادەکاری نەورۆزەوە.

دواجار ئەم کارو چالاکیانە بۆ نەورۆزو لە وڵاتانی نەورۆز چاوی دنیای هاوچەرخ لە سەر کوردستان کەدەکاتەوەو زۆر کەمپانیا جیهانیەکان بەمەبەستی قازانج و گۆشەی ئابووری بۆ ڕێگای جەراو جۆری ئەدەبی و هونەری و سینەمای و کلتوریەوە تێکەڵ بەم چالاکیانەی سانادەبن و بازاڕەکە گەرم تر دەکەنو کوردستان دەبێتە خاوەنی جەرگ لە (ئەلەمپیاتی نەورۆز)٥* وهاوشانی ئەلەمپیاتە جیهانیەکانی تر.

:
وێنەکان بژمارە
١-سفرەی نەورۆزی
٢-دیاری بردن بۆ پاشا بۆ بانەی نەورۆزپێش زایین
٣-شایی نەورۆزی کچانی ئامەد
٤-جەمشید پاشای کیانی خاونی – وەر- بۆ هەشتی ژەرزەمینی – دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین
٥-ئێشکەوتی شانەدەرکەنترین ئەرشیفی هەموو جیهان
٦-ئاگری نەورۆز گەشاوەیە بەدەست گەنجانی ئاکرە
٧-هەڵکاری شاری دیرینکەیەی هەشت چەن بژێریکەوە ی دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین
٨-پەرستگای گرە ناڤوکەی دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین
٩-شاری حەسەن کیف دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین
١٠-نەورۆز لە هەولێر
١١-جەماوەری نەورۆز لە ئامەد
تێبینی: وێنەکان بە پێ ژمارەو لە دوێک لە نیو نووسینەکەدا بۆاو دەکرێنەوە.























پەراوێزەکان:

١* شارستانیەتی ئەشکەوت : بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە نیو ئەشکەوتەکان کراون بە گشتی و بە تایبەت ئەشکەوتی شانەدەر، دەری دەخات مرۆڤەکانی نێو ئەشکەوت خاوەنی جۆری ژیانی خێیان بوون و جۆرە بیرکەیەکی ئایینیان هە بووە و بیرکی ئەفسانەیی و جۆریک لە گوناسیی و خاون زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەشکەوتی خێیان بوون ، بۆیە دەکرێ بە شارستانیەتی ئەشکەوت بناسرێ، هەر بە م شێوەیە دەتوانین شارستانیەتی گوندو شارستانیەتی شارو شارستانیەتی دەوڵەت ناو ببەین، شارستانیەتی شار بە سەردەمی شارنشینی و شارە قەڵا دەگوتەوە و شارستانیەتی دەوڵەتیش واتە کەبوونەوەی چەند شارێک لە ژێر یەک جۆر حوکمی دەوڵەتی دابن،

٢* شارستانیەتی بەردتراشین : ئەگەر سەرنج بدەین لە کوردستان لە زۆر جیگا بەرد بەکارهاتووە و ئەشکەوت کەدراوە و شاخ تراشراوە ، ئەمەش شاری گەورەی دروستکردووە و ماڵی زۆری تێدا حەواوەتەو

نموونەی شاری حەسەن کەف و شاری ژێر زەمینی هەشت چین لە ژیر چینی دێرینکەیە کە دەگوترێ جێگای سی هەزار تا پەنجا هەزار کەسی بە مەروماتاوە دەبووە. ئەم (شارستانییەتی بەردتراشین) ە لە پێش(شارستانییەتی قوە) دەت.

٣* نیوەندی نەورۆز: دامەزراندنی نەوەندێک بە ناوی – نەوەندی نەورۆز- دەکرێ ئەم نەوەندە سەر بە پەرلەمان بێت و پڕۆگرام و بەرنامەی ساڵانەی خۆی هەبێت.

٤* خەڵاتی نەورۆز: بە هەموو ئەم جۆرە چالاکیانەی کە باسمان کرد وەک تیپی هونەری و ئەدەبی و سەنەمایی و وەرزشی و کلتوری ، لە پێشبڕکێی نیوانیاندا بە خەڵاتی تایبەتی نەورۆز خەلات بکرێن و ئەو خەلاتە نرخ و بەهای دیاری کراوی هەبێت.

٥* ئەلەمپیاتی نەورۆز : کەبووندوی ساڵانەی ئەم هەموو تیپە چڕاوجۆرە لە کاتی دیاری کراوی نەورۆزو دووبارەبوونەوەی ساڵانەی بە خۆی شێوەیەکی ئەلەمپیات وەردەگرێ و دەکرێ هەر بەو ناوە ناوبنرێ .

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن
نەورۆزی- ٢٠٢٠- هەولێر

نەورۆز لەسەردەمی کۆرنا … ئەحمەد کامەران

نەورۆز یاخود مانگی بەهار کە بە جوانترین وەرزی ساڵ دادەنرێت بە مەڤەکان, هاوکات بە کورد ئەم وەرزە بۆی جیاوازترە لەگەلانی تر چوونکە خاوەن مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاوەی ئاسنگەر کە لەو ڕۆژەدا بەسەر زوحاك سەرکەوتوو دەبێت و مەشخەڵی ئاگری نەورۆز دادەگیرسێنێت ئەو ڕۆژەش 21ی ئازارە کە هەموو ساڵێك ئەم ڕۆژە بەیەکەم ڕۆژی نەورۆز دادەنرێت و وە هاوکاتیش بەساڵی نوێی کوردی دادەنرێت, ئەگەرچی بەدرێژایی مێژوو داگیرکەران و دووژمنانی کورد بەردەوام هەوڵیان داوە کە کورد ئەم

بۆنە تایبەتەی خۆی نەکاتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی ژۆمی بەعس کە تەواوی ئەم بۆنەیەی لە کورد قەدەغەکردبوو بەڵام هیچ کاتێك نەیتوانی ئیرادەی کوردبوون لە تاکی کورد قەدەغەبکات.
هەڵبەتە کورد لەم مانگی بەهار و نەورۆزدا خاوەنی ڕۆژی (ڕەش و سپیە) ئەوانیش بریتین لە:
ڕۆژە ڕەشەکە لە 16 ئازاری ساڵی1988 وە دەستی پێکرد کە ئەویش بریتی بوو لە ئەنجامدانی زنجیرە شاڵاوێکی گەورەی ئەنفال و کیمیاوباران کە کرایە سەرگەلی کورد و بەتایبەتیش هەڵبجەی شەهید کە دەیان ڕۆلەی کورد بەپیرو بەگەنجەوە بوونە قوربانی شاڵاوی ئەنفالەکەی ژۆمی بەعس کە ئیتر بەهار و نەورۆزی ئەو ساڵە بۆ کورد بووە نەورۆزێکی ڕەش.
بەڵام پاش چەند ساڵێك لەو ڕووداوە ڕەش و تاریکە کە کرایە سەر گەلی کورد بەڵام لە بەهاری ساڵی 1991 کورد توانی ڕۆژی سپی بۆخۆی تۆماربکات ئەویش بە دەرکردنی بەعس بوو لە ناوچەکانیان دا کە ناویان لێنا ڕاپەڕین ئەگەرچی بڕینەکان و ئازارەکانی کورد هەروەکو خۆی مابوو بەڵام توانیان بەهارو نەورۆزی ئەو ساڵە بە خۆشی و بەڕۆژێکی سپی بەڕێی بکەن.
پاش 28 ساڵی دیکەدا لە بەهارو نەورۆزێکی تردا جارێکی تر کورد ڕووبەڕووی ناخۆشیەکی تر بووە کە ئەویش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە, هەرچەندە ئەم ڤایرۆسە بەتەنیا گەلی کوردی نەگرتۆتەوە بەڵکو هەموو جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە وە هەروەها سەرلێشێواندێکی گەورەی لەسەر گۆی زەویدا دروست کردوە, تاکە چارەسەری ئەم ڤایرۆسەش لە ئێستادا بریتیە لە خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە شوێنی گشتی و قەرەباڵغی , واتە نابێت هاوڵاتیان بۆ کاتێکی نادیار ڕووبکەنە شوێنەگشتیەکان و قەرەباڵغی دروست بکەن چوونکە دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە فراوانبوونی ڤایرۆسەکە, ئەمەش وا دەکات کە نەورۆزی ئەم ساڵ و دەنگە زوڵالەکەی حەسەن زیرەك لە سەیرانگاکانی کوردستان جمەی نەیەت هاوشێوەس ساڵەکانی دیکەدا, بۆگومان ئەمەش نابێتە هیچ کێشەیەك چوونکە گەشت و نەورۆز بۆنەیەکی ساڵانە و کەلتورێکە کە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە بەڵام تەندروستی و جەستەی مرۆڤ هەموو ساڵێك دووبارە نابێتەوە, ئەگەر ئێمەش گرنگی بەتەندروستی خۆمان نەدەین دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی زیانگەیەندان بەخۆمان و دەوروبەرەکانمان , بۆیە نەورۆزی ئەم ساڵ بە نەورۆزی خۆپاراستن لە تەندروستی خۆمان و خۆزان و کۆمەڵگاکەمان دادەنێین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی سەلامەت سەربکەوین بەسەر ئەم ڤایرۆسە کووشندەیە کە هاتۆتە ناومانەوە.

شیعر بۆ منداڵان- نەورۆز … محەمەد بەرزی

ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە
یادەکی زۆر پیرۆزە

وەرە جوان و ئازاوە
ئاڵای بەرزی شکاوە

سەری ساڵی تازەیە
دنیا پڕ لە بزەیە

یەکەم ڕۆژی بەهارە
وەرزی گوڵ و گوڵزارە

جەژنی خۆشی و شادییە
پەیامی ئازادییە

مژدەی کوردی ئازایە
داستانی کاوەی تیایە

٢١ / ٣ / ٢٠١٧

بۆ نەورۆزی ئەمساڵ … عەلی حەمەشید

ئەم نەورۆزە لە ماڵ دەبین
بەیارۆ بە هیچ کوێ نەچین
بەرگی کوردی دەکەینەبەر

لەماڵەوە نایەندەر
مەمی ڕەنگاو ڕەنگ دەهێنین
لەحەوشە دایدەگیرسێنین
ئاوا یادی دەکەینەوە
سرودەکەی دڵێنەوە

٢٠/٣/٢٠٢٠

عەلی حەمەشید

شیعر بۆ منداڵان … نەورۆز … ڕەستەم خامۆش

نەورۆزە ئەمڕۆ گیانە
وەرزی بەهاری جوانە
سەری ساڵی کوردییە
ژێکی پڕ شادییە
سەیری دەشت و دڕ و شاخ
ببینن گوڵی نێو باخ
تەماشا کەن خەکینە
کوردستان چەند هەنگینە
دڵگیرە ، ئاوەدانە
کاتی گەشت و سەیرانە
یاخوا هەر ئاوەدانبێ
ئازادیی بەرقەرارێ

ڕەستەم خامۆش